# حوکمی عومره کردن

﴿ حكم أداء العُمرة ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**سەرچاوە:** سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ حكم أداء العُمرة ﴾

« باللغة الكردية »

المصدر: موقع الإسلام سؤال وجواب

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# حوکمی عومره کردن

**پرسیار :** ئایا عومره  کردنی واجبه یان سوننەت ؟

**وەڵام :** سوپاس و ستایش بۆخوای گەورە وصەڵات و سەلام بۆ سەرگیانی محمد المصطفى و یاران وشوێن کەوتوانی هەتا هەتایە .

زانایان بەگشتی کۆدەنگن لەسەر مەشروعیەتی عومرەکردن، بەڵام جیاوازی لەڕاو بۆچونیاندا هەیە لەسەر واجب بوونی.

راى یەکەم : هەردوو ئیمام : ئیمام مالك و ئیمام ئەبو حەنیفە و ڕاى پەسەندی شێخ الاسلام ابن تیمیةیەشە کە ڕایان وایە عومرە کردنی سوننەتە و واجب نیە.

بەڵگەش بۆ راکەیان بەم فەرموودەیە دێننەوە کە تورموذی ڕیوایەتی کردوە : " عَنْ جَابِرٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سُئِلَ عَنْ الْعُمْرَةِ أَوَاجِبَةٌ هِيَ ؟ قَالَ : لا ، وَأَنْ تَعْتَمِرُوا هُوَ أَفْضَلُ " واتە : لەجابرەوە (خوای لێ ڕازی بێت ) ئەگێرێتەوە کە پرسیار کرا لە پێغەمبەر(صلى الله علیه وسلم) دەربارەی عومرە ئایا واجبە کردنی ؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : نەخێر، بەڵام ئەگەر عومرە بەجێ بهێنیت باشترە.

ئەم  فەرموودەیە فەرموودەیەکی لاوازە، چونکە هەریەك لە ئیمامی شافعی و ابن عبد البر و ابن الحجر و ئیمامی نەوەوی لاوازیان کردوە، هەروەها شێخ ناصرالدینی ئەلبانیش لەلێکۆڵینەوەی لەجامعی تورموذی ئەم فەرموودەی بەفەرموودەیەکی لاواز وەصف کردوە، جگە لەئەوانیش دیسان ئەم فەرمودەیان لاوازکردوە .

ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی ئەم فەرموودەوە ووتویەتی : لاوازە و نموونەی ئەم فەرمووادنە ناکرێنە بەڵگە، لە بابەتی عومرەدا هیچ شتێك ثابت نەبووە کە بەڵگە بێت لەسەر سوننیەت و موستەحەبی کردنی .

ابن عبد البریش ئەڵێت : ئەم فەرموودەیە بەچەند سەنەد ورێگەیەك ڕیوایەت کراوە کە صەحیح نین، بەنموونەی ئەم فەرموودانەیش بەڵگە ناهێنرێنەوە .

ئیمامی نەوەویش لە کتێبە بەناوبانگەکەی ( المجموع بەرگی7/لاپەڕە 6)دا ئەڵێت : تەواوی حوفاظەکانی فەرموودە یەك دەنگن لەسەر لاوازیەتی ئەم فەرموودەیە.

ئەوەشی بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە (جابر) کە ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردوە خۆی ڕای وایە کە عومرەکردن واجبە - جا چۆن دەکرێت جابر فەرموودەیەکی ڕیوایەت کردبێت ولای ثابت بووبێت وکەچی ڕای خۆی پێچەوانەی ریوایەتەکەی خۆی بێت - .

ڕای دووەم : هەرچی ئیمام شافعی و ئیمام ئەحمەدیشە ڕایان وایە کە عومرەکردن واجبە، ئیمامی بوخاریش ( ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت) ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە وپەسەندی کردوە .

**بەڵگەکانیشیان بریتین لە :**

1) ئەو فەرموودەیەی کە ابن ماجة بەژمارەی(2901)ڕیوایەتی کردوە : عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ عَلَى النِّسَاءِ جِهَادٌ ؟ قَالَ: نَعَمْ ، عَلَيْهِنَّ جِهَادٌ لا قِتَالَ فِيهِ الْحَجُّ وَالْعُمْرَةُ " واتە : عائیشە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەڵێت : ووتم بە پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) ئایا جیهاد کردن لەسەر ئافرەتان واجبە؟ ئەویش فەرمووی : بەڵێ، جیهادێکیان لەسەر واجبە کە کوشت وکوشتاری تێدا نیە، ئەویش حەج وعومرەکردنە. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) حەج وعومرەی بەیەکەوە واجب کردوە لەسەر ئافرەتان، کەواتە بە ئەولاتر لەسەر پیاوانیش واجبە .

ئیمامی نەوەوی لە (مجموع بەرگی 7/لاپەرە 4) دا ئەڵێت : ئیسنادی ئەم فەرموودەیە صەحیحە لەسەر مەرجەکانی ئیمامی بوخاری وموسلیم، شێخ ئەلبانیش لە صحیحی ابن ماجەدا بەفەرموودەیەکی صەحیحی داناوە.

ڕووی بەڵگەش لە فەرموودەکەی سەرەوەدا ئەوەیە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (علیهن) واتە لەسەریانە، ووشەی (علی) ش حوکمی واجب بوونی لێوەردەگیرێت .

2) ئەو فەرموودە بەناوبانگەیە کە جوبرەئیل هاتە لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وپرسیاری ئیمان و ئیسلام وئیحسان ورۆژی دوایی ونیشانەکانی لێکرد، ابن خزيمة و الدار قطني ڕیوایەتیان کردوە لە عومەری کوری خەتابەوە ( خوای لێ ڕازی بێت) : وفيه زيادة ذكر العمرة مع الحج ، ولفظه : (الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ، وتقيم

الصلاة ، وتؤتي الزكاة ، وتحج البيت وتعتمر ، وتغتسل من الجنابة ، وتتم الوضوء ، وتصوم رمضان) واتە : لەم ڕیوایەتەدا زیادەیەك هەیە كە باسی عومرەی لەگەڵ حەجدا كردوە، كە ئەمەش دەقەكەیەتی : ئیسلام ئەوەیە كە شاهیدی بدەیت  هیچ پەرستراوێكی بەهەق نیە جگە لە (اللّه) ومحمدیش پێغەمبەری خودایە، وە نوێژ بكەیت وزەكاتی ماڵ و سامانت دەربكەیت، وحەجی ماڵی خودا وعومرە بكەیت، وە خۆت بشوێت ئەگەر لەشت گران  بوو، دەست نوێژ تەواو بگریت و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت .

دار القطني ئەڵێت : ئەم فەرموودە فەرموودەیەكە كە ثابت و جێگیر بووەو صەحیحە .

3) ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو داود بەژمارە فەرموودەی(1799) و نەسائي بە ژمارە فەرموودەی(2719) ڕیوایەتیان كردوە : عَنْ الصُّبَيِّ بْنِ مَعْبَدٍ قال كُنْتُ أعْرَابِيًّا نَصْرَانِيًّا . . . فَأَتَيْتُ عُمَرَ ، فَقُلْتُ : يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ ، إِنِّي أَسْلَمْتُ ، وَإِنِّي وَجَدْتُ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ مَكْتُوبَيْنِ عَلَيَّ فَأَهْلَلْتُ بِهِمَا ، فَقَالَ عُمَرُ : هُدِيتَ لِسُنَّةِ نَبِيِّكَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .

واتە : لە صوبەی كوڕی مەعبەدەوە كە ووتوویەتی : من كەسێكی دەشتەكی نەصرانی بووم .... هاتمە لای عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) ووتم : ئەی پێشەوای باوەڕداران، من موسڵمان بووم، وە من وا ئەزانم كە حەج و عومرەم لەسەر واجبە، بۆیە منیش نیەتی هەردووكیانم هێنا و اللّه أكبرم بۆكردن، عومەریش (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ڕێگا و شوێن پێی پێغەمبەری خودات (صلى اللّه عليه وسلم) هەڵگرتوە .

4) ڕای كۆمەڵێك لەهاوەڵ و یارانی پێغەمبەری خودا (صلى اللّه عليه وسلم) كە ڕایان وایە عومرەكردن واجبە، ئەوانیش هەریەك لە عەبدوڵڵای كوڕی عەباس و عەبدوڵڵای كوڕی عومەر وجابر (خوایان لێ ڕازی بێت) .

جابر ( خوای لێ ڕازی بێت) ئەفەرموێت : هیچ موسڵمانێك نیە كە عومرەی لەسەر واجب نەبێت، حافظ ابن الحجر ئەڵێت : ابن الجهم ی مالكی ئەمەی بە ئیسنادێكی حەسەن ڕیوایەت كردووە .

ئیمامی بوخاریش (ڕەحمەتی خوای لی بێت) بابێكی سەربەخۆی بەناوی " بَاب وُجُوبِ الْعُمْرَةِ وَفَضْلِهَا " لە صەحیحەكەیدا كردوەتەوە، عەبدوڵڵای كوڕی عومەریش (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی : هیچ كەسێك نیە كە عومرەی لەسەر واجب نەبێت، عەبدوڵڵای كوڕی

عەباسیش (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی : عومرەکردن لەقورئانی پیرۆزدا لەگەڵ فەرمان کردن بەحەج باسکراوە وەك خوای گەورە فەرموویـەتی :( وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ) {البقرة:196} واتە : حەج و عومرە بۆخوای گەورە بەتەواوی ئەنجام بدەن .

شێخ ابن بازیش ووتوویەتی : صەواب و ڕاستر وایە کە عومرەکردن لە تەمەندا وەك حەج کردن یەکجار واجبە ( مجموع فتاوی ابن باز بەرگی 6/لاپەڕە 355) .

شێخ ابن العثیمین یش لە ڕاڤە و شەرحی کتێبی ( الممتع، بەرگی 7/لاپەڕە 9)دا ئەڵێت : زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی عومرەوە کە ئایا سوننەتە یان واجبە؟ ئەوەی بۆ منیش دەرکەوتوە ئەوەیە عومرەکردن واجبە.

لە فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوە و فەتوادانی شانشینی عەرەبستانی سعودیە ( بەرگی 11 / لاپەڕە 317) دا هاتووە : صەحیح و ڕاستر و لەهەردوو رای جیاوازی زانایاندا لەبارەی عومرەوە ئەوەیە کە واجـــبە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کـە دەفـــەرموێت : ( وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ) {البقرة:196} و بەبەڵگەی چەند فەرموودەیەکی تریش کەلەم بارەیەوە هاتوون .

خوای گەورەش زانا و شارەزاترە .

بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانیت سەیری هەرەیەك لەم سەرچاوانە بکەیت : "المغني" (13/5) ، "المجموع" (4/7) ، "فتاوى ابن تيمية" ( 5/26) ، "الشرح الممتع" للشيخ ابن عثيمين (9/7) .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .